کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

ڕەخنەیەکی کورت لە سەر فیلمی فرمێسکی سەرما( اشک سرما )

# حەقیقەتێک یەک لە نێوان دەیان چەواشە و ناڕاستی دا

شاهین کەریمی
shaahinkarimi@yahoo.com

فیلمی فرمێسکی سەرما ( اشک سرما ) لە دەرهێنانی حەمید عەزیزۆڵا نژاد، فیلمێکی سینەمای ئێرانە کە لە باری تێکنیکی و لایەنەی هونەرییەوە زۆر هەژارە و وەک فیلمکێکی ئاماتۆر دێتە بەر چاو. لەبەر ئەوەی کە من زانیاری پێویستم لە باری هونەری و تێکنیکی لە سینەمادا نیە، ئەو لایەنە دادەنێم بۆ مامۆستایان و شارازایانی سینەمایی کە هیوادارم لە سەر ئەوە بدوێن و بنوسن. ئەوەی من ئەمەوێ باسی لێ بکەم ناوەرۆک و مەبەستێکە کە فیلمەکە هەڵگرییەتی. سەرەتا ئاماژەیەکی کورت بە دیمەن و شوێن و کاتی فیلمەکە دەکەم و پاشان دەچمە سەر رەخنە و راستییەکان لە سەر فیلمەکە.

فیلمی " فرمێسکی سەرما " لە گوندێکی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان ڕادبرێ کە پایەگایەکی ئەرتەشی ئێران لەوێ هەڵکەوتووە و پایەگاکا بەردەوام لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە هەڕەشەی لە سەرە و مەترسی گیرانی هەیە. تەنها ڕێگەیەک کە هێزی پێشمەرگە بۆ زەربە لێدان لە پایەگا بە کاری دێنێ، دانانی مینە (ئەڵغام) لە سەر ڕێگای مقەڕەکە کە بەردەوام سەرباز دەچنە سەر مینەکان و دەتەقێنەو و لە کۆتاییدا سەربازێک بە ناوی " کاوە کیانی- ناسراو بە کیانی " بە تایبەتی دەنێردرێ بۆ ئەو مقەڕە بۆ پووچەڵکردنەوەی مینەکان. سەرباز کیانی لەگەڵ کچێکی کوردی شوان بە ناوی ڕوناک بە ناوی نەهێنی "ڕۆژین" لەو گوندە ئاشنا دەبێ و فیلمەکە زۆرتر لە سەر پێوەندی ئەو دووانە دەڕوا و دەبڕێتەوە. ڕۆژین وەک بەشی ڕێکخستنی نەهێنی، یارمەتی هێزی پێشمەرگە دەدا و هێزی پێشمەرگە هەوڵ دەدا بە کەڵک وەرگرتن لە پێوەندی ڕوناک یان ڕۆژین لەگەڵ سەرباز کیانی ئەو سەربازە بخاتە داوەو لە ناوی ببات، لەبەرئەوەیکە سەرباز کیانی شارەزاییەکی باشی لە پوچەڵکردنەوەی مینەکان دا هەیە و ڕێگرێکی گەورەیە لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەردەم چالاکی هێزی پێشمەرگە. هەم سەرباز کیانی و هەم ڕۆژین لە لایەن بەرپرسانی خۆیەناوە پاڵەپەستۆیان لە سەرە کە لەگەڵ یەک قسە و پێوەندییان نەبێ و زۆر جار بە هۆی ئەوەوە سزا دەدرێن. لە لایەکی ترەوە بەرپرسانی ڕۆژین، پاڵەپەستۆی دەخەنە سەر کە پێوەندی لەگەڵ بگرێ و هەلی کوشتنی بڕەخسێنێ. لە یەکێک لەو جارانەی کە ڕۆژین هەوڵ دەدات سەرباز کیانی بخاتە داوەو و بە فێڵ هەلی ئەوە بڕەخسێنێ کە پێشمەرگەکان بیکوژن، باو بۆران و تۆفان بە سەردا دێت و سەرباز کیانی و ڕۆژین بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک لە ئەشکەوتێک دا دەمێننەوە و هەر دوکیان – زۆرتر سەرباز کیانی – هەوڵ و یارمەتی دەدەن بۆ زیندوو مانی یەکتر. سەرباز کیانی زۆر دڵ ئاوایە و هەر شتێکی هەیە لەگەڵ ڕۆژین بەشی دەکات، بەڵام ڕۆژین تەنها پارچەیەک نانە ڕەقی پێ یەو بە دزییەوە دەیخوات. لەم ماوەدا گفتوگۆ و قسە لە نێوانیاندا دروست دەبێ و ڕۆژین وەک کچێکی سادەی گوندی، ئاگای لە زۆر شت نیە و زوو قەناعەت بە قسەکانی سەرباز کیانی دەکات. جارێک لە ڕێگەی بێ تەلەوە پێشمەرگە دەستور دەدا بە ڕۆژین کە لە ئەشکەوتەکەدا بیکوژێ، بەڵام ئەو نایکات و لە کۆتاییدا و ڕۆژی دوایی سەرباز کیانی، ڕۆژین کە قاچێکی لە جێ چووە، بە شوێن خۆیدا ڕادەکێشێ و پێشمەرگە و سەربازەکانی تر بە شوێن ئەواندا دێن و توشی شەڕ دەبن. لە کۆتایی فیلمەکەش دا سەرباز کیانی دەکەوێتە سەر مینێک کە لە لایەن ڕۆژینەو ۆ بە زۆری پێشمەرگە بۆ سەلماندی پاکی خۆی چێندرا بوو، گیانی لە دەست دەدا و ڕۆژینیش هەڵدێ بۆ لای کە ئەویش دەکەوێتە سەر مینێکی تر و ئەویش گیانی لە دەست دەدا. دیمەنەکانی فیلمەکە هەر وەک باسم کرد زۆرتر لە دەورو بەری پایەگاکە ڕوو دەدات. جارێک ڕۆژین لە ناو شار شوێن سەرباز کیانی دەکەوێت بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵی. یەک دوو جاریش ناو ماڵی خەڵکی گوندەکە پیشان دەدات کە هاوکات دەبێ لەگەڵ هاتنی پێشمەرگەکان بۆ گوندەکە و دەرمانکردنی کچە پێشمەرگەیەکی برینداار. کاتی فیلمەکە هەم لە وەرزی هاوین ڕوویداوە و هەم لە چلەی زستان و بەفر و بۆران دا.

ئەوەی دروشم و ئامانجی فیلمی "فرمێسکی سەرما" یە پڕوپاگەندەیە بۆ جوهموری ئیسلامی و چەواشەکردنی ڕاستی و مێژوو و باری ژیان و گوزەران و تەنانەت کەلتور و داب و نەریتی کوردایەتی. یەکەمین ناڕاستی سەرەکی کە لەو فیلمەدا بەر چاو دەکەوێ ڕۆڵی ئەرتەشە. ئەوە ڕاستیەکی ئاشکرایە کە لە کوردستان ئەرتەش وەک هێزێکی فەرمی و دەوڵەتی ئامادەیە و وەک باڵ و ئامرازی دارگیرکردن زۆرتر لە دەورو بەری شارەکان و لە سەربازخانەکاندا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جێگیره. پاراستن و ئاسایش و دابین کردنی دەسەڵاتی هێزی دارگیرکەری کوردستان له گوندەکان و لەو ناوچانەی که هێزی پێشمەرگه ئامادەیه، له ئەستۆی سوپای پاسدارانه که سەرەتاییترین بنەماو پرنسیبی کۆمەڵایەتی و ژیان و گوزەرانی مەدەنی و خەڵکی ناناسن و له بەرچاوی ناگرن. بەردەوام وەک هەر هێزێکی دارگیرکەر له هەمو کەس دەترسن و تەنها هەقانیەتێک که ماف و ڕەوا بونیان پێدەبەخشێ چەک و زۆر و ترساندن و سەرکوتە. ئەوە ڕاستییەکی ڕوونه که ئەرتەش هیچ پایەگایەکی سەربازی له گوندەکان نیه و له ئاستێکی زۆر کەم دا ڕوبەڕووی هێزی پێشمەرگه دەبنەوە. له ئەرتەش دا دەرەجەدار و سەرباز ئەرکی خۆیان دەبینن و ئەرکێکی ئیداری بەڕێوە دەبەن، بەڵام له سوپای پاسداران دا پاسدار و بەسیجی و جاش دەور دەبینن که نەک ئەرکێکی ئیداری و وەزیفه، بەڵکو ڕەسالەتێکی ئایینی و ئایدۆلۆژیایانەیەن له سەر شانه که وەک شتێکی پیرۆز چاوی لێدەکەن و هەر کردەوەیەک له پێناو باوەڕە ئایینیەدا به ڕەوا دەبینن. ئەوەی له دیمەنەکانی فیلمەکەدا دەبیندرێ هەر چەند له بەرگی ئەرتەشدا، بەڵام به تەواوەتی هاوشانه لەگەڵ ڕەوشت و پرنسیبەکانی سوپای پاسداران دا.

یەکێکی تر له شێواندنەکانی ناو فیلمەکه پیشاندانی سیمایەک له کەلتوری کورد به گشتی و پێشمەرگه به تایبەتیه. هەر وەک پێشتر باسم کرد له فیلمەکەدا پێشمەرگه بەردەوام هەوڵ دەدات له ڕێگەی فێڵ و دروست کردنی پێوەندییەک له نێوان ڕۆژین و کیانی دا، سەربازەکه بخاته داوەو له نێوی ببات. ئەمه چەواشه کردن و شێواندنێکی تا بڵێ ی دوور له ڕاستی و ئینسانیەتە. هەرگیز له کەلتوری کورد به گشتی و پێشمەرگه به تایبەتیدا نەبووە که به کەڵک وەرگرتن له ژن و بەتەماح خستنی دوژمن، ئەو له ناو ببات. جگه لەوە کورد بەردەوام و به درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی دوژمنی خۆی بۆتەوە و به ئازایەتی و قارەمانی مەبەستەکانی خۆی پێکاوە، هەرچەندە بێ ئەزموون بوبێت و قوربانی زۆری دابێ، بەڵام کەسایەتی و پرنسیبی خۆی پاراستووە و ئەوەندە خۆی لاواز نەبینیوە که پەنا بۆ شێوازی نامرۆیی و نامۆرالی وەک فێڵ و کەڵک وەرگرتن له لایەنی سۆز و ڕاکێشەری ئافرەت بگرێ. پێم وا نیه تەنانەت بینەرێکی غەیره کوردیش باوەڕ و متمانه بەو بەشه له فیلمەکه بکات، چونکه له ناو نەتەوەکانی تریش، لەوانه نەتەوەی فارس، کورد وەک نەتەوە و کەسایەتیەکی بوێر و نەترس و سەرڕاست ئەبینن. کورد له بەرانبەر دوژمنی دەرەکی نەک کەڵکی له هێزی ئافرەت وەک فریوردەری سێکسی وەرنەگرتووە، بەڵکو به ڕێکخستن و زەمینه خۆش کردن بۆ خەباتی ئاشکرا و نهێنی ژنان، جگه

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەوەی کە هێز و توانایەکی زۆری بەخشی بە جولانەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان، بەڵکو گۆڕان و شۆڕشێکی گەورەی فەراهەم کرد بۆ ڕۆشنبیری و پرۆسەی  ڕزگاری ژنان. بەڵام ڕۆڵی ژن، لەو فیلمەدا- لە فیلمەکەدا هەم ڕۆژین دەور دەبینێ وە هەم ژنە پێشمەرگەیەک- زۆر ناڕاست و شێواو پیشان دەدرێ. ڕۆژین سەرەڕای ئەوەی کە خوێندەوارە دەبێتە شوانی مەڕ و وەک کچێکی ساویلکە ئاگای لێ نیە چی ئەکات. لە بێ ئاگای خۆیدا دەبێتە داردەستی پێشمەرگە و ئامادەیە پاکی خۆی بخاتە مەترسیەوە. ژنە پشێمەرگەکەی کە ڕواڵەتێکی ناشیرینی هەیە، لەو چەند دیمەنەدا کە نیشان دەدرێ بە شێوەیەکی نامۆ جگەرە دەکێشێ. جگە لەو شێواندنانە کە ئاماژەم پێکرد، فیلمەکە گوزارشتێکی ڕوون و پڕبەپڕ دەکا لە تێڕوانین و جیهان بینی ئاینی و ئیسلام لە سەر کێشەی ژن لە کۆمەڵگادا. لە ڕوانگەی ئایینەوە ژن بوونەوەرێکی کەم ئەقڵ و ساویلکەیە کە دەبێتە ئامرازی دەستی ئەم و ئەو و هەرچەندە پسپۆڕ و شارەزا بێت، بەڵام ملکەچی سۆز و هەستیەتی و لۆژیک لای ئەو لاوازە. پەیڕەو کردن و دەستەبەرکردنی ئەو بۆچوونە، بە درێژایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چووە و بنەمایەک بووە بۆ داڕشتنی یاسا و دیاری کردنی ئەخلاقیات و کۆنترۆڵ و سنوردارکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک. لە فیلمەکەدا وەک هەر بوارێکی تری سیاسەت و دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی دا، یەکەمین هەنگاو بۆ زەمینە خۆش کردن و جێ خستنی سیستەمی کۆنەپەرەستی و ڕەشی دواکەوتوانە، شێواندن و چەواشەکردنی ڕاستی یەکان و دونیای ئازاد و مۆدێڕن و یەکسانە.

لە یەکێک لە دیمەنەکانی دیکەی فیلمەکەدا بەرپرسی یەکەی پێشمەرگەکان ئەمر دەکات بە ڕۆژین کە دەبێ مینێک لە سەر ڕێی سەرباز کیانی بچێنێت و پاشان سەرنجی ڕاکێشێ تا پیا بتەقێتەوە. ڕۆژین دەبێ تاقی تەنیا ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ. ژنە پێشمەرگەکەی تر دەڵێ: منیش بچم لەگەڵێ. بەپرسەکە دەڵێ نا، پێشمەرگەکە دەپرسێ بۆ چی؟ بەرپرسەکە دەڵێ: لە بەشی چەکداری دا بۆ ژ بۆچی مان نیە. لێ ی بە گومانم، دەبێ پاکی خۆی بسەلمێنێ. ئەوەش ناڕاستیەکی ترە کە بەردەوام هەوڵی پێدراوە کە سیمای راستیەکانی پێ بشێوێندرێت. لە کەلتوری پێشمەرگەدا قەت تەمێ و تۆڵە و سەلماندنی پاکی نەبووە و بە پێچەوانەی فیلمەکە سەرجەم ئەندامان، چ بۆ ناوخۆی هێزی پێشمەرگە و چ بۆ جەماوەری خەڵک بە دڵێکی فراوانەوە هۆکاری کردار و بڕیارەکانیان شی دەکردەوە. ئەوەی لێرەدا  دەبیندرێ پێناسەیەکی مافیایی و باندێکی چەتەیە بۆ حیزبێکی سیاسی چەکدار لە کوردستان.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لە ئەشکەوتەکا کە ڕۆژین و کیانی لە بارێکی ناخۆش و مەترسی دار دا دەمێننەوە و سەرماو برسیەتی و شەو هەڕشەی نەمانیان لێدەکات، کیانی چەند جار دەچێتە دەرەوە بۆ هێنانی پووش بۆ ئاگر، ڕۆژین جارێک دەرگای ئەشکەوتەکە بە بەفر دەگرێ تا کیانی ڕێی لێ ون ببێ، جارێک هەوڵ دەدات بە دەمانچە بیکوژێ بەڵام زوو پەشیمان دەبێتەوە، نانەکەی بە دزییەوە دەخوات. هەموئەمانە درۆ و ناڕاستیە بەرانبەر کەلتورو داب و نەریتی کورد بە گشتی و پێشمەرگە بەتایبەت، تەنانەت بەرانبەر بە دوژمنەکانیان. کورد هەمیشە دڵێکی فراوانی هەبووە بۆ میوان و بە تایبەت بۆ خەڵکی غەریب و لێ قەوماو. سەختی و تاڵی داوەتە بەرخۆی بەڵام ڕێز و جێگاو شوێنی میوان و نەشوناسی پاراستووە. هەمیشە لە ڕووبەڕوو و ئازایانە قسەی خۆی بەرانبەر نەخوازی خۆی کردوە. دەیان جار پێش هاتووە کە بریندارى دوژمنی سەرەڕای سەغڵەتی و بارگرانی گواستۆتەوە بۆ شوێنی ئاسایش و دەرمانی کردون و پاشان ئازادی کردوون. کورد ئەوەندە دەروون و کەلتوری نزم نیە کە نانە ڕەقە بە دزییەوە بخوات یان لە پشتە سەرەوە تەقە لە نەیاری خۆی بکات.

لە یەکێک لە دیمەنەکانی فیلمەکە جاشەکان پێشنیاری یارمەتی بە سەرباز کیانی دەکەن بۆ پووچەڵکردنەوەی مینەکان. بەداخەوە وەک بەشێکی جیانەکراوەی بوون و کۆمەڵگای کوردی، سیمای نابەڕێزی جاش لێرەش ئامادەیە.

چەن ڕاستیەکی تری تاڵیش لە فیلمەکەدا هەیە کە جێ ی ئاماژە پێکردنن. کاتێک سەرباز کیانی لە ڕۆژین دەپرسێ چۆنە تۆ وەک کچێکی خوێندەوار بویتە شوانی مەڕ، یەک دوو دیمەنی کورت لە کوشتنی براکەی ڕۆژین وەک بیرەوەی پیشان دەدرێ کە کورێکی لاو لە کاتێک دا تەلیسێکی بە کۆڵەوەیە، دەکەوێتە بەر گوللە و دەکوژرێ. ڕۆژین دەڵێ: براکەمتان کوشت، منیش ناچار بووم لە شار بێمەوە ببم بە شوانی مەڕەکانمان تا لەنێو نەچن. سەرباز کیانی بێدەنگ دەبێ. لێرە لە بەردەم یەکێک لە بەڵگەکاندا ، نوێنەری دارگیرکەر قسەیەکی نیە و بێدەنگ دەبێ.

لە بەشێکی تر لە گفتوگۆکاندا ڕۆژین دەپرسێ باشە بۆ ئاوایە؟ ئەم شەڕە بۆچی؟ بۆ مینتان بۆ دادەنێن؟ ئێوە بۆ واز لەو خەڵکە ناهێنن؟ بۆ تەقەمان لێ دەکەن؟ کیانی لە وەڵام دەڵێ، ئێوە نەتەوەیەکی سەیرن. سادەن. دڵێکی پاکتان هەیە. بە پاکی و خۆشەویستیەوە دەژین. بەڵام خراپیەکەی لەوەدایە کە زوو قسەی ئەم و ئەو کارتان تێ دەکات. بە چەند قسە لەم بار

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەکەونە ئەو بار. ئەم شێوە وەک شنە با وایە. زۆر بەردەوام نابێ. پاشان دەبێتە گەردەلوول. بەڵام ژیان بە شنەبا و گەردەلول بە سەرناچێ. ڕۆژین دەپرسێ بۆ زۆربەی ئەو سەربازانەی کە مینیان پێ هەڵدەگرنەوە کوردن؟ کیانی دەڵی: دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشت و عادەتی خۆیان. پێشمەرگەیەکی باشن. ڕۆژین دەڵی ڕەنگە لەبەر ئەوە ئەوان وەپێش دەخەن کە مینی کەمترتان بۆ بچێنن. کیانی دەڵێ بەڵام بە کردەوە وا نیە. ئەوان لەگەڵ کوردەکانی تر مامەڵەیەکی خراپتریان هەیە. ڕۆژین دەڵێ: بەڵێ، ئەوان خائینن. کیانی دەڵێ: خائین کەسێکە کە قسە و کرداری وەک یەک نەبێ. سەرباز کاتێک جلی سەربازی لەبەر دەکا، بە هەمو ڕادەگەیەنێ کە کێ یە و چی دەکا.

لە قسەکانی کیانی دا، ڕاستیەکی تاڵ لە سەر باری دەرونی و کۆمەڵایەتی تاک و کۆی کورد بەدی دەکرێ، کە پێویست بە لێدوان ناکا.

ئاوریلی 2007

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com